# ڕەشماڵی سەرۆك




**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ڕەشماڵ سومبولی کۆچ و کۆچەری و کوێستانگەری کوردە، تابلۆی ڕەنج و ماندوبون و ڕاوشکاری و ئاژەڵداری و شەهامەتی کوردییە، پێوەری گەرمیان و کوێستان و بازرگانی و کاڵا بەکاڵای کوردە، بەڵام ڕەشماڵی ڕەسەن نەك حەسیروپێستەوجاجم و پەڕۆ، ئەم وێنەیەم لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستان گرت، ئەم ماڵە بە ناچاری و لە پەنا خانوە قورینەکەیدا ئەم جۆرە ڕەشماڵەی هەڵداوە بۆ ژیانی قوربەسەری، دەبوو حکومەتی هەرێم خانووەکانی بۆ دروست بکردنایەو خەستەخانەو قوتابخانەی چێکردایەو ئاوەدانی کردایەتەوەو تراکتۆرو گاسن و گاو بێڵ و پاچ و ئامێری وەرزێری و کشتوکاڵی بۆ بناردنایە وەك مەکرەمەی شۆڕش و ئازارەکانی ڕابردویان، نەك گوندەکان بە سیاسەتێکی کوردیانە تەرحیل و پەراوێزخات بۆ شارەکان و کورە هەرزەکارەکانیشیان بکاتە فەرمانبەرو پۆلیس و ئاسایش و کەناس و موچەدارو خزمەتکاری شار!! بەمەش گوندەکان چۆڵ و هۆڵ بکەن و شارەکانیش بکەنە فەوزاو جەنجاڵی، ئەمە بێ پلانی حکومەتە کە جەنگی ناوخۆو ململانێی تاریك دروستیکردو دەرهاوێشتەی دوای جەنگ بوو کە مەحاڵە چارەسەربکرێ، قسەی من ئەوەیە، جاران ئەم وێنەیە گوزارشت بوو لە زیندوێتی گوندو ئاڵ و گوێزی ئازادانەی گوندنشین و کۆچەریەکانمان، ڕەمزی لەوەڕگاو ئاوەدانی شاخ و ڕەزو ڕەوەزو باخ و بێستان و دەشتاییەکانمان بوو، ئێستاش بەداخەوە ڕەمزی چۆڵەوانی و

**بەجێهێشتنی گوندەكانمانە، رەشماڵی جاران ماڵە سەرۆكێك بوو بۆ خۆی پڕ شمەك و ئازوقەو بەرەكەت و بازوو، ئێستاش... ماڵە شوانیش نییە، بیٚ شمەك و بیٚ ئازوقەو بازوو، چۆڵ وەك بیابانەكانی عەرعەر بەڵام عەرعەری كوردیی!؟**